# تۆڕەکانی گەیاندن بە کێبڵی ڕووناکی دەریایی



سالار فتاح تاهیر



بۆ دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان وڵاتانی جیهان هەمیشە پشت دەبەسترا بە تەکنەلۆژیای کێبڵی(copper)وەیان بەهۆی مانگی دەستکرد وەیان بە سیستەمی مایکروویف(Microwave).

بەڵام قەوارەی گواستنەوەی زانیاری پەیوەندی تەلەفۆن دیاری کراوبوو هەروەها بەهای زۆربوو. بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ ئەم دیاردەیە کۆمپانیاکانی گەیاندن لە جیهاندا بیری ئەوەیان دەکردەوە کە تەکنەلۆژیایەکی تر بەکاربهێنن بۆ زیادکردنی قەوارەی گەیاندن هەروەها کەمکردنەوەی نرخی پەیوەندیکردن لە نێوان وڵاتانی جیهاندا.

لە سەرەتای ساڵانی 1990 تەکنەلۆژیای (Fiber Optic)هاتەکایەوە و دەستکرا بە ڕاکێشانی ئەم کێبڵە لە نێوان وڵاتان و کیشوەرەکاندا ئەویش بە بەکارهێنانی جۆرەها کێبڵ بۆ نموونە بۆ بەستنەوەی کیشوەرەکان لەگەڵ یەکتر بەهۆی ئوقیانووسەکانەوە ئەنجام دەدرا ئەویش بە بەکارهێنانی کێبڵی (Submarin) کە توانای بەرگریکردنی تەوژمی ئاوی ئوقیانووسەکانی هەیە هەروەها چەند کۆمپانیایەکی




جیهانی وەکو(ALCATEL)،(FUJITSU)) وە چەندین کۆمپانیای دیکە لەم بوارەدا دەست بەکاربوون.

ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە پرۆژانە زۆر پێداویستی گرنگی دەوێت هەروەها بودجەیەکی زۆری تێدەچی بەڵام توانای گواستنەوەی زانیار و تەلەفۆنی و ئینتەرنێت و ڤیدیۆی بە قەوارەیەکی زۆرە. (ALCATEL) توانیویەتی هەتا وەکوئێستا بە درێژایی(450.000 km) چوارسەدو پەنجا هەزار کیلۆمەتر کێبڵی دەریایی رابکێشی. بۆ بەستنەوەی هەموو کیشوەرەکان لە ئەوروپاوە تا دەگاتە ئا سیا ئەویش بە راکێشانی کێبڵی رووناکی(Fiber Optic) پەراندنەوەی بە ئوقیانووسی هێمن (Pacific Ocean) بۆ بەستنەوەی هەردوو ئەمەریکا لەگەڵ ئەوروپا. لەم بوارەدا چەندین تۆڕی جیاجیا هەیە لەوانە (FOG) و (FLAG)وە تازەترین تۆڕی دەریایی ئەویش (Sea-Me-We) کە کۆمپانیای(ALCATEL)بە (18) مانگ ئەنجامی داوە ئەویش بە راکێشانی زیاتر لە(20.000 km)بیست هەزار کیلۆ مەتر کێبڵ، بەمەبەستی بەستنەوەی (14) وڵات لە سنغافورە تاوەکو فەرەنسا ئەویش بە دانانی (16) خاڵی بەستنەوە(LandinyPoints). ئەم پرۆژەیە(32)جار قەوارەی زیاترە لە پرۆژەکانی پێشوو کە لە ساڵی 1998 ئەنجام دراوە.

سەبارەت بە بەستنەوەی کوردستان بەم تۆڕە جیهانیانە هەوڵی ئەوە لە ئارادایە کە لە رێگای ئێران و تورکیا ببەسترێتەوە بە تۆڕی (FLAG) هەروەها بەستنەوەی کوردستان لەگەڵ تۆڕی نیشتمانی(Fiber Optie)عێراق . وە لە باشوردا بەستنەوەی (ام قصر) لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بە تۆڕی (FOG) بە ئەنجامدانی بەستنەوەی کوردستان بەم تۆڕە جیهانیە، ئاستی گەیاندن لە کوردستاندا گۆڕانکاریەکی بەرچاوی دەبێت لەڕوی بەرزی قەوارەی گەیاندن و نرخی پەیوەندیەکان.